چیرۆک

محەمەد ئەمین ئەحمەد

# شەپۆلی سروودێک لە ئاسۆی چوار تەرمەوە



١

شانۆ: رازابووەوە. لە هەموو لایەکەوە، چرای رەنگاورەنگ هەڵکرابوو. دەستە دەستە، تاقم تاقم، کۆمەڵ کۆمەڵ، خەڵکان دەکشانە ئەوێ و دەجمان.

ئاوازەکان، لەگەڵ رەنگەکاندا، تێکەڵ دەبوون. ئاوازی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە هۆڵێک لە هۆڵەکانی بەغدادا، دیمەنێکی دڵرفێن و تابلۆیەکی بەهاری کوردستانی بوون. ئاوازەکان وەکو شنەی کوێستان، دەخزانە ناخیان و تەلی سۆزی دەشتی گەرمیان و وردە شەپۆڵەکانی سیروانی دەگەیاند و دەبزواند. لە قوژبنێکەوە دانیشتبوو. بە توندی چەپڵەی لێ دەدا و لەگەڵ ئاوازەکاندا. دەختووکا و شانی بۆ هەڵدەتەکاند. کاتێ ئەو پارچە ئاوازە تەواو بوو، ئەم وەک شریتی فیلمێکی سینەمایی یادگارەکانی هەڵپێچایەوە و تاس بردییەوە:

– «بۆچی تیپی کارزان و فەرمان، لەم ئاهەنگدا بەشدار نین»! سۆمای چاوەکانی فڕین بۆ ئەو رۆژەی، چاودێری ئاهەنگەکە دەرکەوت گوتی:

– «هەر لەگەڵ گەیشتنی تێپەکەی کارزان و فەرمان، ئاهەنگەکەمان بە سروودی "منداڵەکان منداڵەکان"(١) دەکەینەوە».

لە پڕ گڵۆپەکانی ناو هۆڵەکە، کوژانەوە.. بوو بە غەڵبەغەڵب.. گڵۆپەکانی هەڵکرانەوە.. چاودێری ئاهەنگەکە دەرکەوت. داوای لێبووردنی کرد، لە دواکەوتنی تیپەکەی کارزان و فەرمان و هاورێکانی و گوتی:

– «ئێستاش، تا، تیپەکەی کارزان و فەرمان دەگات، گوێتان لە گۆرانی مژدەی سەرکەوتنی هونەری مۆسیقای کوردی دەبێ، لە دانان و ئاوازی کارزان»..

رێکۆردەر، کەوتە گۆرانی گوتن:

– «پەپوولە مژدە،

سەرما و سۆڵ نەما

ئیتر نابینی

گوڵ لە ناو خەما»(٢)

دووبارە گڵۆپەکان کوژانەوە.

## ٢

دایکی کارزان، ئەو شەوە، نەیدەزانی بۆچ ئەوەندە، هۆگری تەلەفزیۆنەکە بوو. راچڵەکی و دڵی داخورپا:

- «پیرانی تەریقەت»؟!

تەم، دڵ و دەروونی تەنی و بەرچاوی لێڵ بوو. رووداوی ناو تەلەفزیۆنەکە، ئەوەندەی تر تەزاندی.. بیری لێ کردەوە. حەزی نەکرد «کارزان و فەرمان و...» ئەو بەیانییە، لە ماڵ دەرچن و بەشداری ئاهەنگ لە دوورە شار بکەن.

- «وتم: با نەڕۆن»؟!

- «کاک ئەحمەدی شێخ»؟!

رووداوی ناو تەلەفزیۆنەکە فیلمێک بوو، خوارووی لوبنانی پیشان دەدا، کە چۆن زنجەکانیان پێ چۆڵ دەکردن؟! کاتێ بەلەمەکانیان دەگواستەوە منداڵە بچکۆلەکەی باوەشی ئافرەتە ئەسمەرەکە، لەتری دا و کەوتە خوارەوە. لەو کاتەدا، کە ویستیان منداڵەکە هەڵگرنەوە، دوو پاسی تیژپەڕ لە ئاستیان لە یەکیان دا:

- «خوایە:: ئامان! گوتم: با نەڕۆن»؟!

شەو درەنگە. ویستی بنوێ. وەنەوزی نەدا. گفتوگۆ و تریقانەوەی "کارزان و فەرمان" و هاوڕێکانی، دەخزانە گوێیەوە و لەگەڵیاندا دەدوا.

بەگشت بەرائەت و پاکی و دڵگەشییەوە، زوو هەستان و خۆیانیان ئامادە کرد.. کاتێ لێیان پرسین:

«بۆچی وا پەلە دەکەن»؟!

وەڵامیان ئەوە بوو، تاکو لە ئاهەنگەکە دوا نەکەون. ئەو شەوە بە خەونی سەرکەوتنی تیپی "کارزان"ەوە، سەری نایەوە.

## ٣

بە دوای چوار تەرمەکەدا، ورد ورد، هەنگاوی دەنا. هەستی دەکرد. ریشاڵەکانی جەستەی زەبوونی هەڵخزان، تەنانەت وەرزەکەش، لە نێوانیاندا رەنگ هەڵبزرکاوە..

شانۆ و گڵۆپە رەنگاڵەکان، تیپەکان، ئاوازەکان، لەگەڵ ژانەکانی شاردا دەدوان. سروشت ئەو ئێوارەیە، بەرچاو لێڵ و ئەشک رتشتن، چەمەرانەی کەمان و گیتار و شمشاڵەکەی «دەروێش عەبدوڵا» یان دەگرتەوە و شیعرەکانی "مەولەوی"یان، دەکردە ئاواز

و گۆرانی "شاری عەدەم"[٣]دا.

خەڵکی وورووژاوی شاریش، بە قوڵپی گریان و هەنسک هەڵدانەوە، بووبوونە هەڵگری تەرمی ئەو چوار هونەرمەندە بەهرەدارەی نەوەی نوێ. پیتەکان. وشەکان. ناوەکانیان. لەسەر چوار پارچە رەشی چوار تەرمی پیرۆز و قودسیدا دەبریسکانەوە.

بەهار هات و شنەی کوێستان، پەلکە نەرمونیانەکانیانی دەشەکانەوە. رەزەکان، بەرهەمیان هێنا، وەرز بە دوای وەرزدا، گوڵێک لێرە و یەکێک لەوێ، بەڵام شاری هونەر فرمێسکی خوێنی دەڕشت.

کاتێ گەیشتنە گردی «سەیوان» حەشامەتەکە، تا دەهات پەرەی دەسەند و دەورووژا. قوتابییە رەشپۆشەکانی «شێخ مەحموود»ی[٤] سەرەتایی، بە دەوری هەر چوار تەرمەکەدا چاو پڕ فرمیسک و رەنگ پەڕیو بازنەیان بەست.

**٤**

دووبارە، دڵی خورپا و بەرچاوی لێڵ بوو، تەم گرتییەوە. دەنگەکان، رەنگەکان، تێکەڵاو دەبوون.. دەنگی "فەرمان" لە گوێیدا زرنگایەوە:

-"بابە: بچم بۆ لای "کارزان"؟!

راچەنی. سەیری وردیلەکانی کرد. بینی: لە ناو پاسەکەدا، گۆرانی دەڵێن. چەپڵە لێ دەدەن."کارزان" پەنجە وردیلەکانی بەسەر تەڵی کەمانەکەیدا[٥] دەبزوێنێ.."رێبوار" لە جیهانێکی پڕ لە خەونی سەوزدا دەژیا. "فەرمان" دەیویست کارێ بکات. "ئازاد" دەیویست لە ئاوازی ئازادیدا بەشداربێ.

-"بابە.. بچمە لای "کارزان"؟!

دەنگی"فەرمان" و وشەی"بابە" لە ناو هەژاندنێکی توندا، ونبوون.. وا هەستی کرد کە بوومەلەرزەی خواکانە،[٦] دەیانهەژێنێ! هەر یەکە لەلایەکەوە، کەوت.. کاتێ هاتنەوە سەرخۆیان، بڕوایان نەکرد؟!

- "هاوار بە ماڵم پێکران" ؟!؟

کاتێ سەرنجی دان، چاوەکانیان وەکو نێرگزی ژێر سمی سەلجۆقییەکان هەڵپڕوکابوون. گرتنییە باوەش. دڵی نەمامەکان و هەڵاڵەی لێویان لەسەر تەلی کەمانە تێکشکاوەکەیان، وێنەی نەسرەوتی ژیانی کوردیان دەکێشا. هاوەڵەکانیان لە حەژبەتدا زەوییان، بە زمان رادەماڵی.

**٥**

پەیتا پەیتا خۆڵیان رادەماڵی، پێش ئەوەی گردی «سەیوان» چوار تەرمەکەی تەسلیم بکەن، ئەم چوار «پیرۆزە»یەی تێدا ئامێز گرتبێ و بشارنەوە، گڵۆپەکانی ئەوەندەی پێ نەچوو هەڵکرانەوە و بووبووە مەشخەڵان.

**٦**

دانیشتووانی ئاهەنگەکەی ناو هۆڵەکەش، لە چاوەڕوانیدا، وەڕسبوون. ویستیان بڵاوەی لێ بکەن. لەپڕ گڵۆپەکان هەڵکرانەوە. چاودێری ئاهەنگەکە، دیسان دەرکەوتەوە. بە داخ و پەژارە و کەسەرێکەوە، ئەوەی پێیان راگەیاند کە بە ئامادەنەبوونی تیپی "کارزان و فەرمان" شاد نەبوون، چونکە تووشی کارەساتێکی دڵتەزێن و جگەربڕ بوون بە لێوە تەتەڵەکردنەوە گوتی:

– ئیتر کۆتایی بەم ئاهەنگە دێنین، ئەم رۆژەش دادەنێین بە رۆژی میوزیکی کورد.. چوار تیپ لە کوردستاندا دادەمەزرێنین بەناوی هەرچوار "پیرۆزە"کەوە: «کارزان و فەرمان و رێبوار و ئازاد»..

کاتێک ئاهەنگەکەی «هۆڵی گەل» لە کاتژمێری هەشتی ئێوارەدا کۆتایی پێ هات. چاوێکی بە تیپەکاندا گێرا. هەموو تیپەکان ئامادە بووبوون. تەنیا تیپی «کارزان» نەبێ. بە دڵ شکستییەوە، بڵاوەیان لێ کرد. ئاخ و ئۆف لەسەر زاریان نەدەبڕا. بەدەم رێکردنەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– «بۆچی تیپی مۆسیقای سلێمانی، پارچە مۆسیقایەکی بەناو هەر چوار هونەرمەندەکەوە پێشکێش نەکرد»؟!

.............................................................

١: «منداڵەکان.. منداڵەکان» شیعری عەبدوڵا پەشێوە.

٢: «پەپوولە مژدە» نووسینی محەمەد ئەمین ئەحمەدە.

٣: «شاری عەدەم» شیعری مەولەوییە.

٤: قوتابخانەی شێخ مەحموودی سەرەتایی.

٥: تەلی کەمانە: ژێیەکانی کەمانەکە.

٦: بوومەلەرزەی خواکان: رق و کینەی ستەمکاران.